لەم ژمارەیەدا
ل٣ ئایا تابووری پێنجەم ڕێپێوان دەکا؟!
ل٤ فرانس ڤان ئەنرات لەڕۆژنامە هۆڵەندییەکاند
ل٦ دیاردەی شووکردن بە هەندەرانی
ل٧ لە یادی پێنجەمین ساڵیادی ئەهمەد قایا
ل٨ مەنوچەهری ئاتەشی کۆچی دوایی کرد



# ڕۆژی گەل
ROJI GEL
هەفتەنامەیەکی سیاسی رۆشنبیریی گشتییە، حزبی رزگاری کوردستان دەری دەکات
ژمارە (١٣٦) یەکشەممە ٢٠٠٥/١١/٢٧


## نەجمەدین کەریم: سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر کێشەی کورد گۆڕاوە

نەجمەدین کەریم سەرۆکی پەیمانگای کوردی لەواشنتون ڕایکەیاند: لەم چەند ساڵەی دوایدا گۆڕانکاری زۆر بەسەر سیاسەتی ئەمریکا سەبارەت بەکێشەی کورد لەعێراق داهاتووە. نەجمەدین کەریم لەچاو پێکەوتنێکیدا لەگەڵ سایتی دەنگەکانی عێراق، داوای کرد کەگەلی کورد ئامادەیی هەرجۆرە ڕووداوێك بێت چاوەڕێی هەرجۆرە ئەگەرێك بکات و پشت بەخۆی ببەستێت. هاوکات سەرۆکی پەیمانگای کوردی لەواشنتۆن ووتی: پێش حەڤدە ساڵ چایخانەکانی ئەمریکا ناوەندی کۆبونەوە نهێنیەکانی کوردبوو لەترسی ڕژێمی سەدام. بەڵام وەك بینیمان پێش ماوەیەك سەرۆکی ئەمریکا لە کۆشکی سپی پێشوازی لەسەرۆکی هەرێمی کوردستان کردو بەجەنابی سەرۆك ناوی برد

# کۆمیساری ئەوروپا: دەبێ بەشێکی بودجەی ساڵانی ٢٠٠٧ ـ ٢٠١٣ بۆ ناوچە کوردیەکان تەرخان بکرێ

(ئۆلی راین)ی کۆمیساری ئەوروپا بۆ کاروباری فراوانبوونی یەکێتی ئەوروپا داوای لە حکومەتی تورکیا کرد تا لەڕووی ئابووریو کۆمەلأیەتی‌یەوە بارودۆخی کوردەکان باشتر بکات ئاژانسی دەنگو باسی ئیتاڵیا لەزاری (ئۆلی راین) ەوە بلأوی کردەوە: تورکیا لەڕووی یاسا دانانو دابینکردنی مافی کەمینە نەتەوەیی‌و ئایینیەکانەوە گۆڕانکاری بە خۆوە بینیوە، بەلأم ئەو گۆرانانەی زۆر بە سیستی ئەنجام دراون، بۆ ئەوەی تورکیا تەواو پابەندبێ بە رێکەوتننامەکانی تایبەت بە ئەندامێتی یەکێتیەکەوە پێویستە کاری زیاتر بکات.

(ئۆلی راین) ئاشکراشی کرد ئەگەر بودجەی ساڵانی ٢٠٠٧ ـ ٢٠١٣ ی ئەوروپا پەسەند بکرێ یەکێتی ئەورپا یەك ملیار یۆرۆ لە توریکادا سەرمایە گوزاری دەکاتو بەشێکی ئەو پارەیە لە پەرەپێدانی ناوچە کوردیەکاندا خەرج دەکات. لەلایەکی ترەوە بە پێی راپۆرتەکان ٣ ملیۆن مینی چێنراو لە ناوچەکانی باکووری کوردستاندا هەن ئەم بابەتەش گیانی ٦٠٠ هەزار کەسی سڤیلی لەگەڵ مەترسی بەرەو روو کردۆتەوە. لەماوەی ساڵی رابردوودا ٦٧ کەس کوژراونو ٣٤٠ کەس بریندار بوونەو زیانیان بەرکەوتووە.

## بەربەستی سیاسی لە بەردەم جێبەجێنەکردنی ماددەی ٥٨ دا هەن

رۆژی ٢٠٠٥/١١/٢٥ لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی حەمید مەجید موسا بەرپرسی لیژنەی ئاساییکردنەوەی بارودۆخی شێوێندراوی کەرکوك هاتە سازکردن، لەو کۆنگرەیەدا بەرێزیان گووتیان کە کێشەی زۆر لەبەردەم ئاساییکردنەوەی بارودۆخی کەرکوکدا هەن، زۆربەی کێشەکانیش بە بەرنامەو بە ئەنقەست دروست دەکرێن. لە هەمان کۆنگرەدا بەرێز دکتۆر کەمال کەرکوکی جێگری پەرلەمانی کوردستان گوتی: دوای ئەوەی دیراسەتێکمان کرد بینیمان تا ئێستا لیژنەی ئاساییکردنەوەی بارووڕۆخی کەرکوك هیچ شتێکی نەکردووە، بۆیە بە پێویستمان زانی بەرێز موساو هەندێك لە ئەندامانی لیژنەکە بانگ بکەینە پەرلەمان بۆ ئەوەی بۆمان ڕوون ببێتەوە کە کێشەو بەربەستەکانی کارانەبوونی ئەم لیژنەیە لەچیدایە، سەرئەنجام دوای‌ا گفتو گۆیەکی زۆر بۆمان روون بوویەوە کەتا ئێستا هەندێ لە ئەندامانی ئەم لیژنەیە ئاگاداری هیچ شتێك نین‌و هۆکاری ئەمەش لەوەدایە کە بەرنامەو پلان بۆ بەربەست دروست کردن لەبەردەم لیژنەکەدا هەن، بەلأم خۆشبەختانە ئەم کۆبوونەوەیەی ئەمرۆ زۆر شتی بۆ روون کردینەوەو ئەنجامی باشی دەبێتو لە بەرژەوەندی کوردستان دەشکێتەوەو لیژنەی پەرلەمانی کوردستانو لیژنەی ئاساییکردنەوەی بارووردۆخی کەرکوك پێکەوە بە نەخشەیەکی گونجاو ورێكو پێك بە پێی دەستووری پەیماننامەکان بۆ ئاساییکردنەوەی بارووردۆخە شێوێندراوەکان دەکەین‌و ئێمەش ئەو بەڵێنەی خۆمان دەبەینە سەر کە بەخەڵکی خۆمان دابوومان سەبارەت بە گەراندنەوەی کەرکوكو ناوچەکانی دیکە بۆ ناو سنووری جوگرافیایی کوردستان.

حەمید مەجید موسا سەبارەت بە ئەو بڕە پارەیەی کە بۆ لیژنەکە تەرخانکراوە گوتی: لە راستیدا ئیبراهیم جەعفەری داوای لە وەزارەتی دارایی کردووە کە ٢٠٠ ملیۆن دۆلار بخرێتە سەر بودجەی ٢٠٠٦و لە بری ئەوەی ئەم بڕە پارەیە لە ساڵی ٢٠٠٥ سەرف بکرێت بۆ ماوەیەکی دوورتر دواخرا.

## روسیا پلانی تیرۆرکردنی سەرۆکی ئەمریکا ئاشکرا دەکات



ئاژانسی (BBCRussian.com) ئاشکرای کرد هاوڵاتیەکی ئەمریکای بەناوی (ئەحمەد عومەر ئەبو عەلی) بەبەشداربوونی لە پلانی تیرۆرکردنی (جۆرج بۆش) ی سەرۆکی ئەمریکا تۆمەتبارکراوە. (ئەحمەد عومەر) بە پێی برگەی(٩) یاسایی تاوانبار دەکرێ، کە لە نێوانیاندا جگە لە پلان دژی سەرۆکی ئەمریکاو پەیوەندی بە رێکخراوی تیرۆریستی (ئەلقاعیدە) تاوانی بەشداربوونی لە پلانی ڕفاندنی فرۆکەیەكو هەوڵی بنیاتنانی گروپێکی نهێنی لەسەر شێوازی ئەو گروپە کە هێرشە تیرۆریستیەکەی ٢٠٠١/٩/١١ ئەنجام دراوە دەخرێتە پاڵی. ئەحمەد عومەر تەمەنی ٢٤ ساڵەو لە شاری (میوتسۆن)ی ئەمریکادا لە دایکبووە، دواتر لە شاری (فولس ـ چۆرچ) لە ویلایەتی( فێرجینیا) ژیاوە. بە پێی زانیاری نوێنەرانی دادوەری تاوانباری ناوبراو لە ساڵی (٢٠٠١)دا پەیوەندی بە رێکخراوە تیرۆریستیەکەی (ئەلقاعیدە) وە کردبوو هاوکات لەگەڵ خوێندنی لە زانکۆی شاری (مەدینە)ی سعودیەو لە ساڵی (٢٠٠٣) دا دەستگیرکراوە لەلایەن پۆلیسی سعودیەوە. گەر دادگای تەمیزیش پشتگیری لە تۆمەتەکانی تاوانبار بکات کە بڕیارە لە مانگی شووباتی ساڵی ٢٠٠٦ دادگایی بکرێ ئەوە سزاکەی زیندانی ئەبەدی بەسەر دەسەپێندرێ.

## ئەمریکا دەیەوێ هێزەکانی خۆی لە ساڵی ٢٠٠٦ لە عێراق بکێشێتەوە

لەسەر داوا و پێشنیاری ژمارەیەك پەرلەمانتاری دیموکراتەکان، ئەمریکا رایگەیاندووە بابەتی کێشانەوەی هێزەکانی لە عێراق دەخاتە دەنگدانەوە.

بەلأم کۆماریخوازەکان بە توونديی ئەو داوایەی دیموکراتەکان رەت دەکەنەوە، وا چاوەڕوان دەکرێت کە هەردوولایەن گفتوگۆی توند بەڕێوەببەن‌و داکۆکی لە رامانی‌خۆیان بکەن. بەگوێرەی راپرسیەکانی دوایین هەفتە دەرکەوتووە کە ٦٣٪ خەڵکی ئەمریکا لەگەڵ ئەوەدان کە بە زووترین کات هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق بکشێندرێتەوەو چیتر سەربازی ئەمریکی بە کوشت نەدرێت. لە لایەکی تریشەوە سەناتۆرەکانی ئەمریکا دیاریان کردووە کە دەبێ ساڵی ٢٠٠٦ سەربازانی ئەمریکا لە عێراق بگەڕێنەوە.

## ١٠بەرپرسی حزبی بەعس گەیشتونەتە سوید

پۆلیسی شاری ستۆکهۆڵم رایگەیاند کە١٠ گەورە بەرپرسی حزبی بەعس لەرێگەی قاچاغەوە گەیشتوونەتە ولأتی سویدو داوای مافی پەنابەرییان کردووە، ئێستا سەبارەت بەتاوانی کۆمەڵ کوژی و ئەگەری هەبوونی ڕۆڵی ئەوان لەو بوارەدا لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا دەکرێ و داوای بەڵگەنامەو دیکۆمێنتی پێویستیان لێ داوا دەکرێ.ئەوەی شیاوی باسە پۆلیسی سوید ماوەیەکە ئەوهەواڵەی بەنهێنی هێشتوتەوە ونایهەوێ میدیاکان بزانن و شوێنی ئەو بەرپرسە بەعسیانە هەڵبگرنەوە، ئەوکەسانە سەبارەت بەچەندین جۆری تاوان کەلەسەردەمی حوکمی سەدام حوسێن لەعێراق ڕوویانداوە و ئەوانیش بەرپرسیارێتیان هەبووە ڕووبەڕووی پرسیار دەکرێنەو. بەرێوبەرێتی کۆچبەرانی سوید لەم بارەیەوە هیچ زانیارییەکی بەڕۆژنامەنووسان نەداوە.

## خەڵکی مەهاباد ناڕەزاییان دەبری و بازاڕەکان داخست



رۆژانی پێنجشەمە و هەینی رێکەوتی ٢٤و٢٥/٢٠٠٥/١١ خەڵکی شاری مەهاباد بۆ مەحکووم کردنی کوژرانی "شێرکۆ ئەمینی" لەلایەن هێزی ئینتیزامی‌یەوە، مانگرتنی گشتی‌یان راگەیانو دووکانو بازاڕەکانیان داخست. هەروەها بەبۆنەی سێ رۆژەی شەهیدبوونی "شێرکۆ ئەمینی" یەوە بنەماڵەی ئەو شەهیدە لەگەڵ هەزاران لاوی شۆرشگێرو ئازادیخواز چوونە گۆرستانو بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوایەتی‌و سروودی "ئەی شەهیدان"و بە ئاگرکردنەوەی وەفاداری خۆیان بۆ شەهیدان دووپات کردەوەو ناڕەزایی خۆیان سەبارەت بە شەهید کردنی"شێرکۆ ئەمینی‌و" زیندانیکردنی هاوڵاتیانی کوردستان دەربڕی‌و داوایان لە دەستەلأتداران کرد کە مافی بەرابەری‌و وەکهەڤی دەستەبەربکرێ‌و ستەمی نەتەوەیی لەسەر نەتەوەی کورد هەڵبگیرێ.

## قامیشلۆ: هەڵمەتی گرتن لە ئارادایە

هەفتەی رابردوو هەڵمەتێکی زیندانی کردنی هاوڵاتیان لە شاری قامیشلۆ بە دەستی پیاوانی رژێمی سوریا دەستی پێکردووە، پارتی چەپی کوردی رایگەیاند کە رۆژی ١١/١٧ ئەندامێکیان گیراوە و لە هەمان رۆژیشدا ئەندامێکی تر یان بە بەرچاوی خەڵکەوە راپێچی زمیندان کراوە و، ماڵەکەشیان بەووردی پشکنیوەو دەستیان گرتووە بەسەر چەندین وێنەو نامەدا سەرەرای گرتنی هونەرمەندێك بەناوی نەسرەدینەوە کە ئەندامی تیپی قامیشلۆ بۆ هونەری میللیە.

## رۆژەڤ

### ئەندام‌و لایەنگرانی حزبی رزگاری کوردستان..
### کوردستانیانی دڵسۆز..

هەر وەك ئاگادارن ئەوە دیسان بەرەو هەڵبژاردنەوەی پارلەمانی عێراق دەڕۆین، گەلی باشووری کوردستانیش بەشداری لەو هەڵبژاردنەوەیەدا دەکات. بەشداریکردن لەپرۆسەی هەڵبژاردن‌و دەنگداندا ئەرك‌و مافی هەر کەسێکی دانیشتووی ولأتەکەمانە. ئێمە وەکو حزبی رزگاری کوردستان وێڕای ئەوەی پێشینەی خەباتو تێکۆشانی شاخمان هەیە، لەرۆژانی سەختو دژواریەکاندا لەسەنگەری بەرگری گەلدا تێکۆشاوین، بەلأم کیانی سیاسی تایبەت بەخۆمان داوا نەکردوەو لە هیچ لیستێکی کوردستانیشدا بەشدارنین، هەروەها لە دروستکردن‌و پێکهێنانی لیستی هاوپەیمانی کوردستانیشدا پرسمان پێنەکراوە، راو تێبینی تایبەتیشمان لەسەر چۆنیەتی رێکخستنی لیستەکە هەیە، بەلأم لە روانگەی هەست کردن بە لێپرسراوێتی نەتەوەیی‌و نیشتیمانی، لەبەر بەرژەوەندی بالأی گەل‌و نەتەوەکەمان، قۆناغەکە وا دەخوازێ کە دەنگ بە لیستی هاوپەیمانی کوردستان، لیستی ٧٣٠ بدەین، لەم پێوەندیەدا داوا لەسەرجەم ئەندام‌و لایەنگرو دۆستانی حزبی رزگاری کوردستان دەکەین کە لێبڕاوانە بەشداری لە هەڵبژاردندا بکەن‌و دەنگ بە لیستی ٧٣٠بدەن. مەبەست لەسەرخستنی لیستی هاوپەیمانی تەنیا گەیاندنی چەند ئەندامێکی ئەو حزبانە بۆ پەرلەمان نییە، بەڵکو زۆر گرنگ‌و پێویستە کە گەلی کوردستان رۆڵی کاراو بەرچاوی لە پارلەمانی داهاتوودا هەبێ. ئێمە لە کاتێکدا بڕوای تەواومان بە رامانی جیاوازو فرە لیستی هەیە، بەلأم دەبینین وێڕای پەسەندکردنی دەستووری هەمیشەیی عێراق هێشتا ترس لە داهاتوو هەیە، هێشتا زۆر لە کێشەکانی گەلی کوردستان یەکلایی نەبوونەتەوە بۆیە کوردستان پێویستی بەلیستێکی یەکگرتووی ئەکتیڤ هەیە، ئەگەر نوێنەرانی گەلی کوردستان بە ژمارەی پێویست نەگەنە پارلەمان، گومان دەکرێت کە لە داهاتوودا برگەو یاسای گرنگ دابڕێژرێن. لەلایەکی دیکەشەوە هێشتا چارەنووسی باشووری کوردستان، بە تایبەتیش چارەنووسی کەرکوك‌و موسڵ‌و خانەقین‌و شنگال‌و شوێنەدابڕاوەکانی دیکە یەکلایی نەبۆتەوە، لەم پێوەند ییەدا ئەرکی هەر تاکێکی کۆمەڵگەیە کە هەڵوێستی خۆی سەبارەت بە هەڵبژاردن پێشان بدات، لەم روانگەیەوە هانی کۆمەلأنی هەراوی خەڵکی کوردستان‌و تێکڕای ئەندام‌و لایەنگرو دۆستانی حزبی رزگاری کوردستان دەدەین کە بەرەو سندوقەکانی دەنگدان بچن‌و دەنگ بە لیستی ژمارە ٧٣٠ بدەن.

سەرکەوێ خەبات لە پێناو کوردستانێکی سەربەخۆ و گەلێکی بەختیار دا

**مەکتەبی سیاسی**

**حزبی رزگاری کوردستان**

**٢٠٠٥/١١/٢٦ سلێمانی/ باشووری کوردستان**

